# ئەمڕۆ چلەی مارف خەزنەدار، دنیاییێک لە وشە و مەملەکەتێک لە کتێب بەڕێوە دەچێت


بەدرخان
Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٥٠-١٥١)، یەک شەممە، مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠/١٢/٥ زایینی - بەرانبەر بە سەرماوەزی ٢٧١٠ی کوردی - سالّی یانزدەهەم




## برای خۆشەویست کاک دکتۆر معروف خەزنەدار

تەوفیق و سەربەرزیتان لەخوا ئەخوازم. نامەیەک کە بەهۆی هەژارەوە ناردبووت لەگەڵ کتێبی تأریخی ئەدەبیاتەکەت پێم گەیشت. دڵخۆشی کردم و ئەیخوێنمەوە. لەخودا داواکاریم گەلێک گەنجی وەک تۆ لە کورد پەیدا ببن و بتوانن خزمەت بە گەلە لێقەوماوەکەی خۆیان بکەن و بۆ ئاوەدانی نیشتیمانەکەیان تێ بکۆشن. هەروەها هەدیەکەی خێزانی کوردیفم پێگەیشت. مەمنوون بووم.

وەک هەژار پێی گوتووم مەشغولی کە لە جامیعە دابمەزرێی و ئەدەبیاتی کوردی بە دەرس بلێیەوە، خوا مۆفەقتان بکا بۆ خزمەتی کوردو کوردستان. ئیتر خۆشیتان.

**برات**
**بارزانی مستەفا**




# سەباح رەنجدەر لە حزووری مارف خەزنەدار





## مارف خەزنەدار،
## دنیاییێک لە وشە و مەملەکەتێک لە کتێب

**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**

هەشتا سالّ بەر لە ئێستا، مرۆڤێک لەدایک بوو، رووەکەکان گەشەو بالآیان کرد، قەلآو منارە سەربەرزانە لە باوەشیان گرت، شانەدەر لە حزووری ئەو مەلۆتکەیە دەستەو نەزەر لە کونجێکی ئەشکەوتەکە دەیهەژاند، کوردستانیش لە پێشوازی ئەم منداڵە بە حورمەتە، حەوت شەو و حەوت رۆژ ئاهەنگیان بۆ سازکرد..

مامۆستاو نووسەر و رۆژنامەنووس و لێکۆڵیار و باوک و نیشتیمانپەروەر "مارف خەزنەدار ١٩٣٠ - ٢٠١٠" بە درێژایی"٨٠"سالّ لە ژیان، زیاتر لە"١٠٠" سالّ تەمەن، بەرهەمی نووسینی نووسی...

ئەو دەیگوت: مرۆڤ بەئارەزووی خۆی لەدایک نابێ و بە ئارەزووی خۆشی نامرێ..

سوقراتی فەیلەسوفی یۆنانیش دەیگوت: هیچ جیاوازی لەنێوان مردن و ژیان نییە! یەکێ پێیدەلێ: بۆ خۆت ناکوژی، ئەویش لە وەلآمدا دەلێ: خۆ نالێم مردن خۆشترە.

مارف خەزنەدار، گەورە بەقەد کوردستان و گەورەتر لە قەلآ و بەرزتر لە منارەی چۆلی و ناوداریش بەقەد"محەمەد عەلی پاشای کوردی و ئەحمەد شەوقی، نەجیب مەحفوز و یەشار کەمال و ئۆرهان پامۆک و تۆلستۆی و مەکسیم گۆرکی و چیخۆف و....".

لەکاتی ئامادەکردنی کتێبی "مارف خەزنەدار، دنیاییێک لە وشەو، مەملەکەتێک لە کتێب "١٩٣٠ - ٢٠١٠" لە بلآوکراوەکانی دەزگای چاپ و بلآوکردنەوەی بەدرخانە و ئامادەکردنی حەمید ئەبوبەکرە، لەتەک مامۆستایانم "کاکە مەم و م. جەمال خەزنەدار و د. نەجاتی عەبدوڵلآو زەنگەنەو .. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن و د. مستەفا سەعید و منداڵەکانی "میدیا و بنیاد"....هتد" ئاخۆ چ ناوێک شایستەی ئەو پیاوە گەورەیەیە، چونکە چەندین ناو پێشنیاز کرا، لەوانە"یادنامەکانی خەزنەدار ١٩٣٠ - ٢٠١٠" یا "خەزنەدار لە دەفتەری نەمریدا" یا "خەزنەدار" یا"خەزنەدار منارەی هەولێر" بەهەرحالّ پاش راوێژکردن لە کۆتایی لەسەر ئەو ناوە کۆک بووین کە ئێستا لەدوو توێی ٢٤٠ لاپەڕەی قەبارە "١٧سم ٢٤سم" کە لەبەر دەستتاندایە و لەو یادە بەسەر میوانان دابەشدەکرێت، بەهیواین توانیبێتمان خزمەتێکمان بە رەوانشاد"مارف خەزنەدار" گەیاندبێ.

بۆیە لەدواجار دەڵێم:

"بنوو، خەزنەدار شوکر وجاغت کوێر نییە، منداڵەکانت: "میدیا، زاگرۆس، بنیاد" پەرستگای کتێبخانەکەت وەکو خۆی دەپارێزن، ئەمجارەیان نایەلّن هیچ قورمساغێک زەفەر بە ماڵەکەت ببات، بنوو"١٠٠"سالّ بنوو، لەپاشان دەگەڕێیەوە نێومان، چۆن"١٠٠"سالّ کاری نووسینت کرد، ئاواش دەبێ ١٠٠سالّ بخەوی، لەپاشان گیانی پاکت لە شانەدەرەوە زیندوو دەبێتەوە. دەگەڕێیتەوە نێو پەرستگای مەڵبەندی رووناکبیری لە هەولێر".

**هەولێر**
**٢٠١٠/١١/٢٧**

## زاگرۆس مارف خەزنەدار لە مۆسکۆوە بەرەو هەولێر



پاش ئەوەی رەوانشاد مارف خەزنەدار لە رۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٥ لە نەخۆشخانەی شیفا لە هەولێر دلّی لە لێدان کەوت و دنیای روناکبیری و ئەدەب و کتێبخانەکەی بۆ ئازیزانی جێهێشت، رۆژی ٢٠١٠/١١/٢ کوڕەگەورەی خەزنەداری خوالێخۆشبوو (زاگرۆس) لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ یەکەم جار لە مۆسکۆوە بە خوشک و برایانی شادبۆوە کە لە سالّی ١٩٦٥ لە مۆسکۆ لە دایک بووە.

# پرسەنامەی تالّەبانی ، بارزانی ، مالیکی بۆ مالّئاوایی خەزنەدار







### بەڕێزان مامۆستا جەمال خەزنەدار کاک بنیاد و خانەوادەی بنەماڵەی بەڕێزی پڕۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پڕۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار -م بیست، هاوبەشی خەمتانم، پرسەو سەرەخۆشی گەرمی خۆمتان ئاڕاستە دەکەم، لەڕێی ئێوەشەوە سەرەخۆشی لە یەک بە یەکی ئەندامانی خانەوادەو بنەماڵە بەڕێز و تێکۆشەرەکەتان دەکەم. پڕۆفیسۆر مارف خەزنەدار وەک قەڵەمێکی بە بڕشت و کوردپەروەر و نیشتیمانپەروەرێکی شێلگیر لە مەیدانی رووناکبیری و ئەدەبیدا خزمەتی کوردایەتی و ئەدەب و رووناکبیری کردووە، سەدان کەس لەبەردەستی ئەو رووناکبیرە ناودارەی گەلەکەماندا پەروەردە بوون و خزمەت بە گەلەکەمان دەکەن، پڕۆفیسۆر خەزنەدار هەمیشە جێگەو پێگەیەکی بالآو مەزنی هەبووە لەنێو گەلەکەمان و رووناکبیران و ئەدیباندا، جێ دەستیشی لەهەموو ئەو بوارانەدا کە نزیکەی شەست سالّ خۆی بۆ تەرخانکردبوو دیارە، کە وەک ئەکادیمییەکی دیار و ناسراو کاری تێدا کردووە، هەر لە کۆڕی زانیاری کوردستان و یەکێتی نووسەرانی کورد تا گۆڤار و رۆژنامەو هۆڵی زانکۆکاندا، بۆیە لەدەستدانی کەلێنێکی گەورەی خستە ناو کاروانی رووناکبیری و ئەدەبیدا کە پڕکردنەوەی وا زوو نابێت. لە یەزدانی مەزن دەپاڕێمەوە گیانی پڕۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار بە بەهەشتی بەرین شادبکات و سەبووری و دڵنەواییش بدات بەئێوەو خانەوادەو بنەماڵەو خزمان و دۆستان و هەموو رووناکبیرانی گەلەکەمان، ئەمە دوایین ناخۆشیتان بێت.

**انا لله وانا الیه راجعون**
**برای دڵسۆزتان**
**جەلال تالّەبانی**
**سەرۆک کۆماری عێراق**

### بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان

**خانەوادەی بەڕێزی پڕۆفیسۆر**
**د. مارف خەزنەدار، سڵاوی خواتان لێبێت**

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پڕۆفیسۆر د. مارف خەزنەدارم پێگەیشت، لەم بۆنە خەمناکەدا پرسەو سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەم و هاوبەشی دڵتەنگی و خەمتانم. پڕۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار سەرەڕای ئەوەی کە ئەکادیمییەکی شارەزای بواری ئەدەب بوو، لێکۆڵەرەوەیەکی لێهاتووش بوو لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. شاکارەکانی لەم دوو بوارەدا جێگای رێزن. بۆیە کۆچکردنەکەی خەسارەتێک بوو بۆ گەلەکەمان و بواری رووناکبیری. لەخوای گەورە داواکارم کە ئەمە دوا کۆستی خانەوادەکەتان بێت و گیانی خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

**انا لله وانا الیه راجعون**
**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**٢٠١٠/١٠/٢٦**

### عائلة الفقيد الدكتور مارف خزندار
### السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

نقدم لكم احر التعازي واصدق عبارات الاسى و الحزن كما نعزي شعبنا العراقي جميعا و الاسرة العلمية و الاكاديمية بمناسبة فقد العراق اليوم عالما و موسوعيا ساهم في بناء الفكر والادب العربي و الكردي وارسى بجهوده الكبيرة دعائم الثقافة العربية الكردية ووطد بينهما وشد في وشائجهما، وكان استاذا مميزا في علمه و تواضعه وحبه لطلابه و طلاب العلم.

و سيبقى في ذاكرة العلماء و الطلاب و نامل ان يستفاد من جهوده العلمية.

رحم الله الاستاذ الكبير الدكتور مارف خزندار والهم اهله واصداقائه والاسرة العلمية العراقية الصبر والسلوان.

وانا لله و انا اليه راجعون
نوري كامل المالكي
رئيس الوزراء العراق
٢٠١٠/١٢/٣

# ئەو نامانەی لە خۆشەویستانی بۆ خەزنەدار نێردراوە

## وداعاً ياشعلة (روناكي)

مصطفى صالح كريم

* برحيل الاديب الكردي البارز معروف خزندار انفطرت حبة لؤلؤة اخرى من عقد اللآلئ الذي كان يزين جيد الادب الكردي، لم يكن البروفيسور الدكتور معروف خزندار لؤلؤة ثمينة فحسب بل كان جوهرة نفيسة لاتقدر بثمن، سيظل شعبنا معتزاً بهذه الجوهرة.

* عاش هذا الرجل طوال ستين عاماً للادب والثقافة، قدم خلالها عصارة فكره وزهرة شبابه الى الادب الكردي، منذ أن عرفته وجدته جاداً في عمله رصيناً في سلوكه، متواضعاً، لايبحث عن المال والجاه كل هومه منحصرة في مكتبته العامرة ونتاجاته الادبية الغزيرة.

* في مطلع الخمسينيات من القرن الماضي عمل في صحيفة (هولير) مع نخبة من الاساتذة المعروفين، وفي منتصف الخمسينيات أصدر كتابه الاول (أغاني من كردستان) ضم باقة عطرة من الشعر الكردي تلقفها البحثون العرقيون وعشاق الشعر بلهفة وشوق، وحين سافر الى الاتحاد السوفياتي لاكمال الدراسة العليا ترجم عدداً من القصص الكردية الى الروسية، كانت تلك بداية جيدة لتعريف المعنيين الروس بالقصة الكردية وتطورها. وحين عودته بعد نيله شهادة الدكتوراه بشرنا بالعثور على صحيفة (كوردستان) التي كان الدكتور كمال فؤاد قد جمع اعدادها وطبعها فيما بعد لتكون بدايةٍ لاعتبار هذا اليوم عيداً سنوياً للصحافة الكردية.

* للدكتور معروف خزندار أفضال كثيرة على الجيل الذي أتى من بعدهم من الادباء الشباب وكان حريصاً على مد جسر الصداقة والتآلف معهم، كما كان أحد مؤسسي اتحاد الادباء الكرد الذي احتفلنا هذا العام بذكرى مرور أربعين عاماً على تأسيسه.

* بعد مغادرته بغداد وعودته الى أربيل واصل عمله كاستاذ جامعي في جامعة صلاح الدين لحين احالته على التقاعد، حيث أشرف على العديد من الرسائل الجامعية الى جانب مساهمته في المجمع العلمي الكردي، وسهره المتواصل في صومعته في (حي روناكي) ليقدم تحفته الرائعة (تأريخ الادب الكردي) بأجزائه السبعة.

* لقد كان الفقيد كنزاً خسرناه، وعزاؤنا في مكتبته الغنية بالتراث والمصادر والمؤلفات النادرة وفي النتاجات الغزيرة التي قدمها للمكتبة الكردية التي ستظل شواهد حية للجيل الحالي والاجيال القادمة.

* كان رحيله المفاجئ خسارةٍ كبيرةٍ لاتعوض، حيث ترك ألماً عميقاً في نفوس أصدقائه ومحبيه وأهله وذويه وطلابه وزملائه ولكن ما العمل هذه هي سنة الحياة، كتب علينا ان نفجع بأعزائنا ونذرف الدموع لرحيلهم ونودعهم نخشوع ثم نحتفظ بذكراهم في قلوبنا مادمنا في الحياة.



**براگەورەو خۆشەویست و بەڕێزم**
**دوکتۆر مارف خەزنەدار**

هەموو کاتێکتان باش.
زۆرتان سڵاوو هەواڵ پرسی و ڕێز لێ نان پێ ڕادەگەیەنم ئومێدەواری کامەرانی و بەختەوەری و کامەرانیتانم. زۆر بەداخەوە ماوەیەک لەمەو پێش هاتنە بەغدا، من پاش وەخت پێم زانی و دەرفەتی ئەوەم لەکیس چووبوو بە خزمەتتان بگەم. علی کل حال کورد دەڵێ: دنیا ماوی لە ڕۆیشتووی پترە.
نامە دڵسۆزانەکەتم بەدەستی ڕێز لێ نان وەرگرت. زۆرتان سوپاس دەکەم. هیواداری سەرکەوتنی پتر و خزمەتی زیاترتانم. خوا یاربێ لە نزیکترین دەرفەتدا دێمە هەولێر و کە هاتم بێ گومان بە خزمەتتان دەگەم.
سڵاوەکەت بە سوپاسەوە بە باوکم دەگەیەنم. هەروا بە مەلا شوکر و پێشەکی لەجیاتی ئەوان سوپاستان ئەکەم هەر خۆش و سەرفەرازبن.

**دڵسۆزتان**
**محمدی مەلا کەریم**
**١٩٩٢/٦/٢٢**



**مامۆستام کاکە خەزنەدار**

ماوەیەکی نە کورت نە زۆر ئەبێ لێم دوورە پەرێزیت. مەبەست لە دوورە پەرێز زۆر لایە. یەکێ لەو لایانە. هەواڵ نەپرسینە. ئەگەر ڕادەی برایەتی و دۆستایەتی نامە بۆ ناردن سنووری بۆ دابنێ. ئەتوانم بڵێم تائێستا پێنووست بەسەر هیچ نەخشەیەکدا نەهێناوەو دەربارەی منی دوورخراوە لا زۆر لاوە. سەرگوزەشتەی ئازار دیوەکان لەزۆر لکانە ئەخوێندرێنەوە یەکێ لەو لایانە. گەڵا ڕێزانە. من خۆم بەزۆر ویستوومە تێ وە ئاڵاووم بە بێزاری تۆشی ببێتە سەربار بۆ شانی ڕێشم لەژێرباری دەردەسەری دا. کاکە. بە زووترین کات لەسەر کۆمەڵە شیعرەکەم ڕقابە تازە بکەرەوە چونکی لێرە ئەی خەمە ژێر چاپەوە.
تکایە.. تا زوو بۆم ڕەوانکەی درەنگە. تکایە تۆزێکی ترم بۆ هیلاک ببە.. چاوەڕوانم. بژی تکایە زوو بۆم بنێرەوە پاش تازەکردنەوەی ڕقابەی متبوعات

**براتان دیلان ١١/٣٠ سلێمانی**



**برای زۆر خۆشەویستم کاکە دکتور معروف خەزنەدار بەڕێز**

هومێد ئەکەم زۆر باش و کەیف ساز بیت. ئەگەر هەر لە هەژار و مەژارانی دەردەبەریش ئەپرسی بەخوا ماوین و وەک دیوتم تقریباهەروام.
کاکەگیان کاک زامدار محمود تشریفی هاتبوو بۆ ئەم لایانە بەڵام وا دیارە لەدەستی نەهاتبوو کە من ببینم وا حوالاتی تۆی لێ پرسیم. ئەویش کاغەزێکی نووسیبوو بۆ هەواڵێکم گوتبووی کتێبەکانمان خەیام بە ١٥٠ فلس و- بۆ کوردستان – بە ٢٥٠ فلس بۆ فرۆشتووە. شتەکە تۆزێک بۆ پێکەنین ئەبێ. چونکە من دەستەبەر بووم کە بۆ هەر ژمارەیەک لە- بۆ کوردستان- ئەبێ نیو دینار بدەم جا کە بە ٦٠٠فلس دەفرۆشرا من ١٠٠فلسم پێ دەگەیشت. خەیامەکەشی من بۆ هەریەکێ ئەبێ لە گیرفانی خۆم ١٥٠فلس بدەم. گوتم ٥٠ فلس بۆ فرۆشیار و ٥٠ش بۆخۆم.
تێ ناگەم مەسەلە چۆن بووە؟ ئەم کتێبەی بۆ کوردستان لە هەولێر بە دینارێکە و لە زۆر جێگەشەوە داوا دەکرێ – بەڵام. بەڵێ. قوربان با لەوەش بگەڕێین. تۆ ماعنای چیە کتێبم بۆ نانێری و اعلانی کتێب ئەخوێنمەوەو بەس. واتا دەنگت هەیەو ڕەنگت چییە نازانم.
بــرام تـۆ لــەشـاری تـۆزێـکـت ئـاگـا لە فەقیروفوقەرات بێ. هەروا دەخوێنمەوە کە کتێب دەرچوون و هیچیانم نەدیوە.
جا با سەرت نەئێشێنم زۆر سەلام و کەلامم بۆ هەموو ئەو کەسانەی خۆشت ئەوێ ی.

**برات هەژار**
**١٩٦٨/١١/٣**



## کاک معروف، ڕۆژباش!

لە ڕۆژی 10/4/1962ەوە لە مۆسکۆم، لەگەڵ یەکیشتنم. هیچ ورنگ نەدرام ڕاست بەکێش کرام بۆ نەخۆشخانەی یەکەمی کەرفلین.
لە نەخۆشخانەش هەتا ئەمڕۆ پولی پۆستەم چنگ نەکەوت، لەبەرئەوە تائێستا نووسین و ناردنی ئەم نامەیە دواکەوت، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە لە عێراق دەرچووم نیازم وابوو لەگەڵ گەیشتنم بە مۆسکۆ دەستبەجێ ڕەوانەی بکەم.
بەڵام عزالدین زوو پێی زانیم وە توانی لەپاش دوو ڕۆژ خۆی بگەیەنێتە لام.
لە هاتنی جمالی برات هەتا فرۆکەخانەی بەغدا ڕەوانەی کردم، ئاگاداری کردم لەش ساغی ی هەموو ئەندامانی خێزانت بە منداڵەکانتەوە. ئەو دەستەیەش لەگەڵی بوو"بە ملا محمد کریم و حمە کریم و هتدەوە"هەموو سڵاویان پێشکەش ئەکرد.
هەندێ ڕاسپیریشم پێ یە، هەڵم گرتووە بۆ کاتی دیدەنیمان ئەگەر بۆمان بلوێ.
من ئێستا نازانم تا چەندیتر لەم نەخۆشخانەیە ئەبم، یان دوایی ئەچم بۆ کام بنکەی حەسانەوە. ئەگەر سەردانم بۆخۆت نالوێ بەهۆی لیژنەی ئاشتیخوازانی مۆسکۆوە"؟............"وە نامەم بۆ بنووسە، ئەوکاتە منیش چیم پێ یە لە کاغەزی دوەما بۆت هەڵ ئەڕێژم.
هەندێ دۆستم لەناو ئەندامانی یەکیەتی ی نوسەرانی تاشتەندا هەیە، نازانم ئەیان بینی لە ڕێکەوتا سڵاومیان پێ بگەیەنی؟
لەبارەی نا ساغی یەکەمەوە هیچ خەمت نەبێ، زۆر باشم، تەنانەت ئەمڕۆ پزیشکەکەم سەربەستی کردم بۆ خواردنی هەرچی دڵم ئەیگرێ!
ئیتر جارێ خوات لەگەڵ، برام

**دڵسۆزتان گۆران**
**مۆسکۆ**
27/4/1962







# لەسەرەتادا وشەبوو، لە کۆتاییشدا هەر وشەیە!



**د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**

مرۆڤەکان، ئێمە. هەرهەموومان وەکو یەک لەدایک دەبین و دێینە ژیان، لە مردنیشدا ئەو مردنەی"جەستە"ی مرۆڤ دەگرێتەوە، هەر هەمووشمان وەکو یەک دەمرین! ئەوەی کە ئێمە، مرۆڤەکان لێک جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە دەکەوێتە نێوان"ژیان" و "مردن". مرۆڤ"بوون"ی بەدەست خۆی نییە! هەروەها"مردن"یشی بەدەست خۆی نییە! بەڵام، ئەوەی دەکرێ بەدەست خۆی بێت! بەشێکە لەو بەشانەی کە دەکەوێتە نێوان ژیان و مردن. ئایا کێن ئەوانەی کە دەتوانن"بەشێک!"لەو بەشانەی نێوان ژیان و مردن بەدەست خۆیان بێت و بەدڵی خۆیان بێت!؟

لەسەر ئەم زەوییە، بێ ژمارە"مرۆڤ!" لەدایکبوون! ئەو بێ ژمارە لەدایکبووانەش هەر هەموویان مردوون! مردنی بە جەستە! بەشی هەرە زۆری ئەو مردووانە، نەیانتوانی لەوە پتر بژین، کە لەنێوان لانک و گۆڕدا ژیان، لەگەڵ لەدایکبوونی جەستەکانیان لەدایکبوون و ژیان، لەگەڵ مردنی جەستەکانیشیان مردو مردن بەڵام، ژمارەیەکی کەم! یەکجار کەم. توانیان لەنێوان مردن و ژیاندا گۆرانییەک بڵێن: کارێک بکەن، کە گۆرانی گوتنەکە، کارکردنە بە ویست و ئارەزووی خۆیان بێت! توانیان گیان بەبەر گۆرانییەکاندا بکەن و نەمری بە کارەکانیان ببەخشن!

گلگامش لەوە سەرکەوتوو نەبوو، کە بتوانێ"گیای نەمری"بخوات و نەمر بێت! بەڵام، لەوە سەرکەوتووبوو، کە توانی"گۆرانی نەمری"بڵێ: ئەو گۆرانییەی نەمرییەکەی لە زیندوویێتی"وشە"دا بوو.

من نازانم گلگامش ئەگەر گیای نەمری بخواردبایە، چەند دەژیا؟! بەڵام، ئەوە دەزانم کە ئەوە زیاتر لە پێنج هەزار ساڵە، گلگامش لەسایەی گوتنی وشەوە دەژی! جا کێ هەیە لە گلگامش زیندووتر!؟!

"فیرەدەوسی"شاعیری گەورەی فاس، زیاتر لە هەزار ساڵە گوتوویەتی: من لەمەودوا نامرم، چونکە"تۆ"ی "وشە"م چاندووە! ئەو کۆشکەی من باوباران کاری تێناکات! چونکە کۆشکەکەم لە وشە دروستکردووە. بەڵام، ئەوەی بۆ یەکەمینجار تۆی وشەی چاند،"گلگامش"بوو، ئەوەی بۆ یەکەمینجار کۆشکی لە وشە دروستکرد، هەر گلگامش بوو، ئەوەی بۆ یەکەمینجار هۆیەکانی نەمری! لە"ئاوی نەمری" و"گیای نەمری" و "سێوی نەمری"یەوە گۆڕی بۆ"وشەی نەمری" هەر گلگامش بوو.

ئەوانەی لەسایەی گیای نەمری و ئاوی نەمری و سێوی نەمری، ژیانی نەمرییان بەدەستهێنا، هەر خۆیان بەدەست هێناو هەر بەتەنیا خۆیان نەمربوون!

بەڵام، گلگامش، چونکە لەکاتی بەدەستهێنانی گیای نەمری، گیاکەی نەخواردوو بۆ شاری"ئورووک"ی هێنایەوە تا بیچێنی بۆئەوەی هەموو خەڵکی ئورووک لەو گیای نەمرییە بخۆن و هەر هەموویان نەمربن! واتا گلگامش نەمری بۆ هەمووان دەویست! ئاواش دواجار و جارێکی تر لەڕێگای"وشەی نەمری"یەوە، دەرگای نەمری ب هەموولایەک خستە سەرپشت! بەڵام، کێن ئەوانەی کە دەستیان بە وشەی نەمری دەگات و نهێنی نەمری وشە دەدۆزنەوە!؟

گلگامش، لەوە سەرکەوتوو نەبوو کە بتوانێ"گیای نەمری"لەشاری ئورووک بچێنێ! بەڵام، توانی وشەی نەمری لە کێڵگەی "ژیان" و "جیهان"بچێنێ! دەی کێن ئەوانەی کە دەتوانن وشەی نەمری بچێننەوەو لەسایەی زیندوویێتی وشەوە نەمری بەدەستبێنن!؟

لەدوای چیرۆک و بەسەرهاتی گلگامش، خەڵکی دەستیان لەوە شووشتووە کە لەسایەی گیای نەمری و ئاوی نەمری و سێوی نەمرییەوە زیندوویێتی بەدەستبێنن، لەوڕۆژەوە لەسایەی گلگامشەوە، خەڵک فێری ئەوە بوون کە بەدوای"ئاوی وشە" و "گیای وشە" و "سێوی وشە"دا بگەڕێن، بۆئەوەی نەمری بەدەستبێنن! چونکە دەرکەوت ئەوانە لەسایەی وشەوە زیندوون! زۆر لەوانە زیندووترن کە بە جەستە زیندوون! گلگامش هەتا بە جەستە دەژیا، هەر تەنیا خەڵکی شاری"ئورووک" و "وڵاتی سۆمەر"گلگامیشان دەناسی، بەڵام، ئێستا لەسایەی گیانی زیندووی وشەوە، هەموو دنیا گلگامش دەناسێ، ناسینێک زۆر زیاتر لەوەی کە لەسەردەمی ژیانی جەستی گلگامش خەڵکی ئورووک گلگامشیان دەناسی، بەختەوەرن، ئەوانەی کە"گیای نەمری وشە" بۆن دەکەن و"سێوی نەمری وشە" دەخۆن و "ئاوی نەمری وشە"دەخۆنەوە.

دکتۆر مارف خەزنەدار، لەتەمەنی هەشتا ساڵی خۆیدا، زیاتر لە شەست ساڵ لەگەڵ "وشە"دا ژیاو بۆ"وشە"ژیا، لەپێناو وشەدا ساردی و گەرمی رۆژگاری چێشت و رۆژهەڵات و رۆژئاوا و ئاسیاو ئەفریقیای کرد. دەچووە هەر وڵاتێ وشەی لەگەڵ خۆی دەبرد و لە هەر وڵاتێکیش دەگەڕایەوە، وشەی لەگەڵ خۆیدا دەهێناو نوێژی وشەی دەکرد و بۆ وشە بەڕۆژوو دەبوو، حەجی وشەی دەکرد و بەردەوام لەنێو پەرستگای وشەدابوو.

دواجار لەسەر بەرماڵی وشەو لەنێو پەرستگای وشەدا گیانی زیندوویێتی خۆی بە وشە سپاردوو، جەستەی خۆی بە خاک. ئەو بەیانییەی لەبەر دەرگای ماڵی"مامۆستا"کۆ ببووینەوەو چاوەڕێی بەخاکسپاردنی جەستەکەیمان دەکرد. رێبوارێک رووی لەیەکێ لەوانە کرد کە-چاوەڕێ-یان دەکرد و پرسی و گوتی: ئەوە چی دەکەن؟ کابرا لەوەڵامدا گوتی: دەژین دکتۆر مارف دەشارینەوە، لەدڵی خۆمدا گوتم: تۆ بڵێی راست بکات و دکتۆر مارف"بشاردرێتەوە؟!"ئەگەر شاردنەوەی مانای بزرکردن بێت!؟ بۆچی دکتۆر مارف هەر تەنیا جەستە بوو!؟ ئەو جەستەیەی کە چەند کێکۆئێسک و پێست و دەمارێک بوو؟ تۆ بڵێی: گۆڕ بتوانێ دکتۆر مارف بشارێتەوە؟! ئایا ئەو چەند خاکەناسە خۆڵە دەتوانێ دکتۆر مارفمان لێ ون بکات!!

بەڵێ! جەستەکە دەشارێتەوە! بەڵام، دکتۆر مارف!! ئەو جەستەیە هی دکتۆر مارف نەبوو! چونکە کاتێ لەدایکبوو، بەخواستی ئەو لەدایک نەبوو! ئێستاش کە مردووە، بەخواستی خۆی نەمرد! ئەوەی کە خواستی دکتۆر مارف بوو، دکتۆر مارف توانی بیکات! ئەوەبوو کە گیانی خۆی بخاتە نێو"جەستەی وشە" لەنێوان ژیان و مردندا، ئەو گیان خستنە نێو گیانی وشەیە، ئەوەبوو کە دکتۆر مارف دەیویست بیکات و توانی بیکات.

جەستەی دکتۆر مارف، لەکارکەوت و مرد! مردو بە خاکمان سپارد، بەڵام، گیانی دکتۆر مارف نەمردووەو نامرێ! جەستەی دکتۆر مارف چووە نێو گۆڕ. بەڵام، گیانی دکتۆر مارف چووە نێو جەستەی وشە! وشەی نەمر. بۆیە دکتۆر مارف. دکتۆر مافی وشە نەمردووە! بەڵکە لە قۆناغێکی ژیانەوە، چووەتە قۆناغێکی تری ژیان، قۆناغی ژیانی هەمیشەیی. ژیانی نێو گیای وشە. بەڵێ وشە لەدایک دەبێت، بەڵام نامرێ! هەربۆیە لەسەرەتادا وشە بووەو لەکۆتاییشدا هەر وشەیە.















## ئەو... مەملەکەتێک بوو لە قەڵەم و کاغەز

**بنیاد مارف خەزنەدار**

ئەو... ژیانی لێواولێو بوو لە بۆنی کاغەز و قەڵەمی باڵا بەرز و دەفتەرە پەڕە زەردبووەکان

ئەو... ژیانی قەسیدەیێکی پڕ غەزەل و شیعرێکی کلاسیکی بەرز بوو

ئەو... (مێژووی ئەدەبی کوردی) بۆ نەوەکانی کورد نووسیەوە و (کوردیادە) ی کردە داستانی تۆمارکراوی بەسەرهات و مێژووی گەل

ئەو... (ئەڵەمان کوردی) کردە حیکایەتی کوچە و کۆڵانەکانی هەولێری دێرین و باسی لە (دڵداری قەدەغەکراو)ی کیژۆڵەییێک کرد لە پێچ و پەناکانی قەڵات و قەیسەری کۆن



ئەو... (بووکە شووشە)ی کردە دیاری کوڕە کوردێک بۆ کیژۆڵەیێکی ڕووس لە سەهۆڵبەندانی شەقامەکانی سانت بیترسبورگ

ئەو... ژیانی سەفەرێکی ڕووحی بوو بۆ دەست لە ملانێی مەلا خدری نالی و مەحبووبە لە خاک و خۆڵی شارەزوور

ئەو... دیجلەییێک بوو لە هزر و دەریاییێک بوو لە مەعریفەت و ڕۆشنبیری

ئەو... قەڵەم پەرست و کاغەز پەرست بوو، بە بۆنی کتێب دەژیا و لە ناو دیوارەکانی نامەخانەدا نقوومی بەهەشتێکی ڕاستەقینە دەبوو

ئەو... دەریاییێک بوو لە یارمەتی و بەزەیی و پانتاییێکی بێ تخووب بوو لە سادەیی و گەورەیی

ئەو... مامۆستاییێکی پڕ زانیاری و باوکێکی میهرەبان بوو

ئەو... بۆ کورد ژیا و لە پێناو ووشەی کوردی دەست لە ملانێی خاکی کوردستان و گۆڕستانی چراغ بوو

ئەو... بەرز بوو بە قەد باڵای قەڵات و سەربەرز بوو بە قەد منارەی چۆلی

ئەو... ئاسمانێک بوو لە داهێنان و ئاسۆییێکی گەش بوو لە ئەدەب و ڕۆشنبیری

ئەو... مارف خەزنەدار بوو

چاوت لێکنێ ئەی باوک و مامۆستا، تۆ هەمیشە زیندووی و لە شانۆی یادەوەریەکاندا هەمیشە ئەکتەرێکی دیار و بزر نەبووی.

وێنەت هەردەم لە تەختەی خەیاڵماندا ئامادەیە، و دەلاقەی(پەرستگاکەت) کتێبخانەکان شانازی بە بەرهەمەکانت دەکەن.

# مارف خەزنەدار

زەوی مەی خانەدانیی خواردووەتەوە
قەت لە بیرم ناکات
پیاڵەیەك مەیم لە زەویی خانەدان وەرگرت
لە ڕۆژێکی نزیکدا دێت
دەستی سێبووری و پڕ ختووکەی لەسەر دڵم دادەنێ
بە ترپەی دەڵێت پشوو بدە ماندووی
گۆشت و دەمار و خوێنی مرۆڤی بەهرەدار پەینی زەوییە
باران وەك ئەوەی ڕاز و نهێنییەکم پێ بڵێ
دەنگی نزم کردووەتەوە و بە نەرمی لە گۆڕم دەدا
ئیدی دەبێ من گۆڕ جێ بهێڵم و بێمە دەرێ
ئایا بەرانبەری دەتوانم چی بکەم و چیم پێ دەکرێ
چاوەکانی زەوی گرانبوون
باڵندە بەسەر
پێڵوو و
خولیا و
یاد و
چڵی ڕاهێنەر بۆ خۆشخوانی بڵاوبوونەتەوە
مرۆڤیش بەسەر پێستی دراو
مار هەناوی زەویی کون کردووە
خۆریش لە ئاسۆدا برژانگی چاوی دەرسکێ
ڕوونبوونەوەی بیلبیلە یاڵی ئەسپ دەخەملێنێ
زەردەخەنەیەك لە دەم و چاوی زەوی پەیدا بوو
لە پڕ نەما
مامزێکی تۆقیو ئاوڕ لە کانی و ئاوێك دەداتەوە
کانی و ئاو دەبنە ئاوێنەی شەو و ڕۆژی مامز
مامز ڕووەو کانی و ئاو دەجمێن
زەوی جارێك چاوی کردەوە و دای خستەوە
ئەو چاوانەی مرۆڤ هەیەتی
زەوییش هەیتی
چاو ئەو شتە دەدۆزێتەوە کە بۆی داگیرساوە
دەچێتەوە سەر هەموو ڕووناکییەك
واتە بێ گومانبوون لە بینینی بێگەردیی ئاسمان و بۆنخۆشیی پەرژینی باخچە
ئەی ئەفسوونی دڵ چاوت هاوتای هەڵاتنی خۆرە
کراسی سروشتیش گەردی نەگرتووە
ئەگەر دڵم بشکێنی گەردەلوول کراسی سروشت
لە ڕستەی ماڵان دەرفێنێ
خۆر سبەینان تامی نان دەکات و بە ئەمەك و خورپەدارە
جوان لە کونی کەروێشك دەدا
کەروێشك ئاکاری خۆر دەناسێ و دەزانی ئەمەکی چییە
ئاگاداری دەکاتەوە لە ترپەی پێی ڕاوچی و بوومەلەرزە
گوێڕایەڵی ئەو خۆرەیە کە هەڵدێ
بەڵام نازانێ هیی زەوییە یان ئاسمان
ئەفسوونی دڵ خۆر لە دڵەوەش هەڵدێ
هێزی خۆری دڵ گیاندار جاڕس ناکات
کەروێشك بە قونەقون
لەم ژوور بۆ ئەو ژوور چاو شارکێی لەگەڵ دەکردین
خەنەیی
چاو سوور
ترپەی پێی مۆسیقا
خرمەی ددانی پێوەندیی زەوی
کە دەچووە بەر خۆر
تووکی ڕەنگی دەگۆڕا
کەروێشکی کێوی لە پێناو کونی خۆی سروشت دەپارێزێ
هیی ماڵیش بە دڵشکاوی ڕا دەکات
لەناو چاوەی مێزدا گوێی لە ئاسن دەسوێ
بەیانیش لە زەنگی کاتژمێری دانداوە دەترسێت
پارچە لبادێکی دامە دامە ڕادەخات لەسەری دادەنیشێ
چاوی بە دەوری خۆیدا دەگێڕێ و بەچکەکانی دەژمێری
ئەو سەوزەیەی خانمی ماڵ پاکی کردووەتەوە دەیخوات
خانمی ماڵ ڕۆبێکی قاوەیی پۆشیوە
پرچی بە تۆقەیەکی حەلوایی بەستووە
ئەنگوستیلەی ئەڵماسیش لە پەنجەی شەوق دەداتەوە
گوان پڕ بوون دوای سەوزە خواردن و پشوودانە
لە پەنجەرەیەکی گەنمڕەنگدا
ڕووناکییەك بە نیگایەکی گەرم خۆی پێشان دا
دەڵێت کەروێشك دۆستێك لەم ژوورەدا
تەپاوتل دەدا و خەریکە دەزووی ئاوریشمینی گیانبازی لە دەست بەر دەبێ
هیچ شتێك نەماوە ئازارم نەدا
پاکترین خاك ئەو پارچەیەیە
کۆتر کلکی لێ دەخشێنێ
خوشك و برا شکۆمەندەکانم کۆتر
بە دەنووك گۆڕێکم لە ناوی بۆ خۆش کەن
هێندەی زەردێنەی هێلکەیەك
ئاهەکانمی لەناو دەترووکێ
کە هێلکە دەترووکێ
زەوی بۆ ماوەیەکی زۆر
لە سۆراخی هەوێنی هیوای دڵشاد دەبێ
نائومێدییەکی قووڵ ناخی زەوی بەر دەدا
سەیری زەویم کرد
ڕەنگی تێك چوو
وەك لەوە بترسێت
لەبەدەم جامخانەیەکدا بوەستم
نهێنییەکی ئاشکرا و بۆنی مورتکی تەڕ لەگەڵ بۆنی دەسکێشی کیژێك بەراورد بکەم
دەماری گرژ بوو
بەنمە بارانێك خاو بووەوە
درەنگ تەماشای ئاسمانم کرد
نهێنیی ئاسمان ئەفسوونی دڵە
ئەفسوونی دڵ یارمەتیی دام بۆ پێشبڕکێ و کێبڕکێ و بەرزبوونەوە
پارچە گۆشتی دڵم
کەوتووەتە سەر زەوی
مێرووستان دەورەیان داوە
ئاهی گەرمی دڵم
سمێری مێرووستانی هەڵکرووزاند
سەرنجێکی ڕاڕا
دەمی سۆندەی ئاوی خستە
سەر شارە مێرووستان
لە تەنیشتیدا ئاگرێکی کردەوە
لە یەك دوو هەنگاو بەولاوەتر
دووپشکێك لەناو کۆمەڵێك ئێسکدا مردار بووەتەوە
خەڵکانێك بە ترسەوە دێنە بەر هەتاوی بەهار
پەیام لە زەمینی دوورەوە دێت
پێش نوێژم پێ دەبەخشێ
پەیامبەخش دڵم لەسەر دەستەکانی ڕادەخات و لە چاوی نزیك دەکاتەوە
دڵم سەرڕێژە لە جوانی
جوانی دڵی خودایە
خودا گەرمایی دڵی زەوییە
زەوی جیهانێکی تەواوە لە نێوان ئاسك و کیسەڵ
سەد جۆگەی لە چاوی هەڵگرتووە
بۆ دڵخۆشی ڕەگ و چڵ و ناوکی میوە
ڕەگ و چڵ و ناوکی میوە
گلێنەی چاویان خۆش دەوێ و خۆیان لە بای توند دەپارێزن
دەستم لەسەر دڵم لادەبەم
قۆچ و بڕبڕە
پڕوپاگەندە بۆچی دەکەن
یان چییان لێوە بزر دەبێ
گای ئێسك پتەو و پڕ خوێن و گۆشت
وەك پاڵەوان لە دایك بووە
ڕۆژێك زەوی لەسەر قۆچەکانی فڕێ دەدا
مرۆڤیش لەسەر بڕبڕەی پشتی دەهێڵێتەوە
گایەك هەموو گایەکانە و سزا دراوی پەڕۆی سوورە



www.avakurdi.org

به ددانی پانی پەلکە شفتی دەخوا
نیوەڕۆیانیش خۆر
قۆچ و بڕبڕەی پشتی ڕووناك ناكاتەوە
قوربانییەكانی ددانی گا و ددانی مشار
مەی خانەدانیی زەوییان خواردووەتەوە
تۆفانێك بەسەرزەوی دەڕژی
بێ شەرمێكی درۆزن بووەتە پیاوێك لە خوێن و گۆشتی زەوی
بەسەر كەشتییەوە هێما و ئاماژە دەدا
ڕەگ سەرقاڵە بەسەركێشیی چڵەوە
زەوی هەست بە لەرزینی خۆی دەكات
خۆی بە كەوانەی ئاسمان گرتووە
ئەرێ لە بەهەشتدا كەس لە دووبارە مردن دەترسێ
ئایا بەهەشت باڵندەی تێدایە
سەرگەردان بیفڕێن و ئارام بنیشێتەوە
یان بۆ سەر زەمین هەموو شتێكی لەسەر دەژی
بەهەشتیش تەنیا مرۆڤ
كێش زار بۆ بەختی هەڵدەدا
چ دەدۆڕێنێت
خانەكانی زار پیرۆزەی چاوەزاران
پیرۆزە مووچڕكی سارد بەخانەكانی لەشی دادێت و ناوچەوانێكی بێ بەهرەیە
ناوچەوانی بەختمان بچووكە
جێگای نووسینی هەموو ویستەكانی تێدا نابێتەوە
بە شەقامێكی نیمچە تاریكدا دەڕۆمە ناو ژیان
چی بكەمە نموونەی ژیانم
بەرد مردوون یان خەوتوون
یان لە قوولاییەكی ناقۆلا و كوشندەدان
خەونیان نەهاتووەتە دی و نایەنە دەنگ
بەدەنگهاتنی بەرد دەنگی مارشی شەڕە
ئاو خۆی بەكەناردا دەدا
بێدەنگی دەهێنێتە دەنگ
لەوەتەی بەرد هاتووەتە دەنگ
خەبەری نێوان بەرگی كتێب و قەوان خۆشبووە
بە پەنجەمۆری یەكەمین نهێنی سەرسام بووم
غەزەل موتربەیەكی بێ وێنەیە
لە هەموو درەختەبەردارەكان
دوورییەكی ئاڵۆز
ئاوی خەواڵووی ناو گۆزە بخۆرەوە
شووشە تورشیات و ڕادیۆ لە تاق و پەنجەرە بەرانبەر یەكدی دادەندرێن
سروودخوێنی زەوی بە كاغەزی پەیام كفن كراوە
بەرەو گیانی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێ
بەردەوامیش ئاوڕ لە قەڵا دەداتەوە
دەگاتە دیداری ئەڤینداران
زەویم بینی سوور هەڵگەڕا بوو
گوێی لە سروودخوێنی خۆی گرتبوو
لە پشت و خوێنگری دەپرسی
خۆر لەترێ دەدا
كووپە بیر لە ڕسكانی شەراب دەكاتەوە
پیاوێك بە نازی ژن و منداڵەكانی دەورە دراوە لە خەو دەڕوا
پەرداخێكی گوڵگوڵی بە دەستەوەیە
لە كووپە نزیك دەبێتەوە
دوای سپی كردنی ڕێواسێكی مزر و قومێك
لە كووپەی دڵخۆش و لێو تەڕ بە ستایش و ماچ دوور دەكەوێتەوە
ئاگرێك لە گیانی پەیدا دەبێ و دەبێتە سۆز و بەزەیی خودا
بەیانییە و منداڵەكانم تازە لە خەو هەستاون
سۆبە هەوای متبەخی خۆش كردووە و شەكردان پڕە
گۆرانییەك بۆ ئاكاری ئەم ژوورە
گۆرانییەك بۆ تیشكی ناو دەنووكی بولبول
گۆرانییەك بۆ لێكدانی باڵی
گۆرانییەك بۆ كۆچكردوو
لە گۆرانییەكی نائومێدیدا
زار بۆ دووبەختی هەڵدەدەم
پرد جەستەیەكی سارد و سڕە
بەسەر ئاوەوە درێژ كراوە
مرۆڤ سروشت نابەزێنێ
ئێمە ئەو كات مەزن و بەختەوەر دەبین

كۆمەڵێك باڵندەی كاغەزی فڕێ دەینە ئاسمان
بەسەر میوەی نایلۆن بنیشێتەوە
مەترسیی سروشت
ئاگر كەوتنەوە
بوركان
هەڵبزڕكانی مانگ
سوێربوونی ئاو
هەڵۆ دەنووك لە پێستی پڵینگ دەدا
ئاوازی گۆرانییەكی پەند ئامێز بەرز دەبێتەوە
كۆمەڵێك تەوار كۆرسن
تاووسیش ڕەنگی كوژراوە و عەودالی تێكەڵكردنی ڕەنگی دیكەیە
بای سارد خەریكە دەیكوژێ و لە ڕەنج و بەدبەختی دەمێنێتەوە
بی شەرمێكی درۆزن
ناولەپی لەیەكتری خشاند
قاوەی گرتەوە و لە بنی فنجانەكەدا وێنەی
ڕەگی درەختێكی بینی دەچووی ناو بلووری چرایەك
كیسەلأ لە شەرمی خۆیدا چووەوە ناو خۆی و قەپێلی تونتر كرد
پیتی زی نێوان
كازێوە و زەردەپەڕ
ئاخاوتن و نەوای خۆم
دیدار و ناوهێنانی خۆم
ئاهەنگ و هاتنەگۆی خۆم
سڵاوی و دروودی خۆم
ڕووەو زێد و كتێبخانەو گۆڕەپانی شار ئاشكرا دەكەم
دڵخۆشە ئەو ئاگرەی لە بن مەنجەڵی خواردنی ماڵان هەڵت كرد
زەوی دەستی لەسەر دڵە
نیوەڕۆ وەرە ئەی ئەفسوونی دلأ
بەروبوومی زەویی لەناو ڕووناكی دایە و هاوڕێیەتیت دەكات
خودا سروشت شەرمەزار ناكات
كەپووم لە نزیك میوەی موتربەكراو كورژ كردەوە و بیرم لە هەتا هەتایەی زەوی كردەوە
كەروێشكێك لەناو قۆپەنەگیایەك بەچكەكانی فێرە چاوبزی دەكات
كێشگەیەكیش بەسەر هەڵۆیەكی مۆمیاكراودا نیشتەوە
نیشانە و حیكمەتی زەویی تازە خۆشكراو بۆ نەمام و بەر و چاوگەشبوون
پەیام لە زەمینی دوورەوە دێت
پێشنوێژیم پێدەبەخشێ
پەیامبەخش دڵم لەسەر دەستەكانی ڕادەخات و لە چاوی نزیك دەكاتەوە
قەت دڵی وا پڕ كازێوە و زەردەپەڕی نەدیوە
لەوەتەی دڵم بیندراوە
خەبەری هەوا خۆش بووە
ماسی خۆی لە ڕەگی درەخت دەدا
مەلیش لە چڵەپۆپە
ماسی و مەل خۆیان تار و تەریك ناگرن
مارێك لە ناو شووشەیەكی داخراودا
بیر لەوە دەكاتەوە چۆن خۆی
لەلكی درەختێك بئاڵێنێ
لە پارێزی نیشتنەوەی بەچكە كێشكەیەكی كەم ئەزموونندا
پەیامبەخش دڵم لەسەر دەستەكانی ڕادەخات و لە چاوی نزیك دەكاتەوە
پاڵەیەك مەیم لە زەوی خانەدانەوە دەداتێ
ترپەی دڵی هەمیشە خودابیم و دەنگدانەوەی دڵشكاوان
بە ئەسپایی بە درەختەوە دەنووسێت
لە سێبەری گەرمی درەختەكەدا بزەیەك بۆ كامێرا بكە
حەكایەتی مردن كەمێك لە ژیان درێژترە
گوێچكە ماسی ڕۆخ ڕووبار هەڵگرەوە
فڕێی دەرەوە ناو ئاو
بیر لەوە دەكەینەوە چل شەو و چل ڕۆژە لەبەر خۆردا
نان و
ئاو و
كتێب و
نامۆیی نەبوون
لەناو دەستەكانت ئەم دیو و ئەو دیو دەكەیت
دەستت بخەوی
ڕیشۆڵەكانی شار شوێنیان نامێنێ تێیدا بخەون
پەنجەت درەختی بنەماڵەی باڵندەیە و بەخشندەیی دە
قۆزاخەیەك دەكرێتەوە
كۆمەڵێك گەنمە شامی برژاوی لە دەوردا ڕژاوە
زەوی جارێك چاوی كردەوە و دای خست
لەچاوی خۆی دوور نەكەوتەوە



**سەباح ڕەنجدەر**
**كانوونی یەكەمی 2010 هەولێر**

# مارف خەزنەدار پیاوێکی باڵا سنەوبەری

**د.نەجاتی عەبدوڵلا**

پێم وابێ دوایین دیداری من و مارف خەزنەدار لە مانگی ئایاری ساڵی پار بوو کە بە سەردان لە پاریس گەرابوومەوە بۆ کوردستان، لە ئێوارە کۆڕێکی ئەکادیمیای کوردی دوای تەواو بوونی کۆڕەکە ئێمە کۆمەڵێک نووسەر بووین بە یاوەری جەمال خەزنەدار بۆ هەواڵپرسین و سەردانی چووین بۆ ماڵی مارف خەزنەدار. کە چووین ئەو چاوەڕوانی دەکردین و بە خۆیی و کتێبێکەوە لەگەڵمان کەوتە گفتوگۆ و هێشتا تارمایی مەرگ لێیەوە دوور بوو. ئەو ئێوارەیەی مارف کۆچی دوایی تێدا کرد و من بێئاگام بوو لەوەی کە ئیدی ئەم ئێوارە ئەم چرا ڕووناکەی وشەی کوردی دەکوژێتەوە لای خۆمەوە هەر لە خەیاڵی ئەوەدابووم بەڵکو سەردانێکی ئەو پیاوە گەورەیە بکەم دەتگووت دڵم خەبەر دەدات کە ئیدی جارێکی دیکە ناتوانم ئەم پیاوە گەورەیە ببینمەوە، ڕێکەوت وابوو ئەم ئێوارە نەمتوانی سەردانی ماڵی دوکتۆر مارف بکەم و بۆ بەیانییەکەی زوو عەبدوڵلا زەنگەنەی خۆشەویست سپێدده زوو تەلەفۆنی بۆ کردم و دڵم داخورپا دەمزانی ئەم تەلەفۆنە زووە ئاسایی نییە و هەر زوو گووتی (دەڵێ نەتزانیووە مارف خەزنەدار ئەمشەو کۆچی دوایی کرد) تەلەفۆنەکە بڕا و ئیدی کاتی قسەکردن نەمایەوە و ئەمە ئەو هەواڵە ناخۆشە بوو کە چاوەڕێم نەدەکرد و پێم وابوو مەرگ جارێ وا زوو دەست نانێتە ملی ئەم پیاوە باڵا سنۆبەرییە، وەلێ ئەفسووس کە مەرگ هات نە کەس دەناسێ و نە پرسیش بە کەس دەکات.

ناسینی من و دوکتۆر مارف خەوانەدار دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی دەستپێکی ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی ڕابووردوو ئەو کاتەی من هێشتا قوتابی ئامادەیی بووم ئەویش مامۆستای زانکۆ و ئێمە لە کتێبخانەی حەیدەری لە هەولێر زوو زوو یەکترمان دەبینی. ئێستە کە ئەم دێرانە دەنووسم پێم سەیرە ئەم پیاوە گەورەیە چەندە خاکی و ئینساندۆست بوو و باڵای هێندە بەرز بوو کە هەر زوو بووین بە هاوڕێ و وەبیرم دێ کتێبی ڕووسی پێدەدام و ڕێنوێنی دەکردم و گفتوگۆمان هەبوو و پێوەندیمان زۆر دۆستانە و هاوڕێیانەبوو. لە بیرمە من ئەوساکە هەر وەکوو شێت سەرسامی زمان و ئەدەبیاتی ڕووسی بوو بووم و خەونم بەوە دەبینی ڕۆژێک بە ڕووسی بخوێنمەوە و بنووسم. هێندەی نەبرد مارف خەزنەدار بۆ دەرس گووتنەوە و بۆ خۆ ڕزگارکردن لە دۆزەخی بەعس چووو بۆ جەزایر و لەوێوە نامە و نامە گۆڕینەوە لە نێوانمان دابوو و ئای لە گەورەیی ئەم پیاوە بزانن چۆن نامەی بۆ منێک نووسیووە کە ئەوسا نەک هەر نەناسراو بووم و بگرە هێشتا گوتابی قۆناغی ئامادەیی بووم چۆن نامەی بۆ نووسیووم، ئێستە کە ئەم نامانە دەخوێنمەوە سەرم لە گەورەیی و خاکیەتی ئەم پیاوە سوڕدەمێنێ و تێدەگەم ئای کە چەندە جوانن ئەم مرۆڤانەی باڵایان ئاوا بەرز وەکو دار سنۆبەر هەڵچووە. کاتێکیش دەمویست بڕۆم بۆ فرەنسا بۆ خوێندن لە بیرمە مارف خەزنەدار یەکێک لەو مامۆستایانە بوو کە زۆر بەگەرمی نامەی پشتگیری بۆ نووسیووم و نامەی ڕاسپاردەی بۆ چەندین دۆستی دیکەشی نووسی بۆ پاریس.

بنووە ئوستادی ئەدەب و وشەی کوردی و بێخەم بە نووسین و کنێبخانەکەت کە بۆ کوردت جێهێشتووە هەر وەکو چرا دڕ بە تاریکی دەدەن و تا هەتا هەتایە هەر بە زیندوویی دەمێننەوە. دیمانەتان بەخێر و سڵاو لە ڕۆحی پاک و بەرزتان، ماڵئاوا مەنزلی هەمیشەییتان پڕ بێت لە نوور و جێگەتان بەهشت بێت.

**هەولێر**
**شەوی ٢٢ ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠**


Dr. Maroof KHAZNADAR
Institut des Langues et Littératures
Université de Annaba
Annaba - ALGERIE

١٩٨٣/١٢/٧

**نامەی مارف خەزنەدار بۆ د. نەجاتی عەبدوڵلا ١٩٨٣/١٢/٧ عەنابە - جەزائیر** ←

## ئەندامانی بنەماڵەی مارف خەزنەدار بە پەڕەمووچی هونەرمەندێکی ڕووسی کە لە ساڵی 2008 لەلایەن زاگرۆسی کوڕییەوە ئەنجامدراوە



**ریزی سەرەوە: مارف خەزنەدار لە نێوان هەردوو هاوسەری (یانە - سەعدیە) ریزی ناوەڕاست لە ڕاستەوە : زاگرۆس ، میدیا ، د. مستەفا سەعید ، بنیاد ، ئاڤان هاوسەری بنیاد**
**ریزی خوارەوە : لە راستەوە : (ئالیس ، فیلیپ ، ڤیکتۆریا) منداڵەکانی زاگرۆس ، بینین کچی میدیا ، (لیسا ، دیا) منداڵەکانی بنیاد مۆسکۆ ٢٠٠٨**

# خەزنەدارناسیی (*)



عەبدوڵڵا زەنگەنە

لە ٢٠١٠/١٠/٢٥ بوو، د.مارف خەزنەدار ماڵئاوایی یەکجارەکی لە خزم و دۆست و خۆشەویستان و کتێبخانەکەی خۆیشی کرد. وەکو بەم دواییە بۆتە نەریتی قەڵەم بەدەستانی ئەم وڵاتەی ئێمە، وا ئەم جارەش لەگەڵ کۆچی دوایی خەزنەدار هەندێ لە قەڵەم و دڵەکان لە گەلی ئاشت بوونەوەو هەندێکیش پێشبرکێ و زێدەڕۆیی لە پیاهەڵدانیدا دەکەن. ئەم جارەش حەمید بەدرخان، وەکو زۆر بۆنەی ئاوەها و هەموو جار، هەندێ راوێژی پێ کردین، دوای ئەوە داوای لێکردین رێی بدەین ئەو (دواگوتە)یە دووبارە بڵاوبکاتەوە کە کاتی خۆ بۆ کتێبی (کورد و کوردستان)کەی د.کەمال مەزهەرمان نووسیبوو،، تا بیخاتە بەرنامەی چلەی خوالێخۆشبوو، دوای ئەوەی بەو مەرامەی گەیشت برادەرێکی خۆیشی لێ هاندابووین تا باسی پەیوەندی ئەم دواییەی د.کەمال مەزهەر و خوالێخۆشبووی بۆ بکەین. ئەوە بوو نەک هەر بۆ چەند دەقیقەیەک باسی دوا یەکتربینینی ئەو دوو کۆڵەگەی رۆشنبیرییەی کوردیمان بۆ کاک عەبدولستار محەمەد ئەمینی دەرهێنەری فیلمی دیۆکۆمێنتاری گەلی کوردستان کرد، بەلکو ئەو چەند وێنە دانسقەیەشمان دانێ تا بخرێتە نێو ئەو فیلمەی کە بە تەمان بۆ چلەکەی ئامادەی بکەن، بەڵام وا دیارە هەندێ کەس ئەو وێنانەیان وەکو (خەیاڵ) دێتە پێش چاو، بۆیە وا لێرەدا ئێمە چیرۆکی ئەو وێنانەتان بۆ دەگێڕینەوە.

زۆر کەس بەم دواییانە کاتێ لە شوێن و پایەی ئێمە لە نێو بواری رۆشنبیری کوردی، بە تایبەتی بواری رۆژنامەوانی، وررد دەبوونەوە، ئاگامان لێ بوو تووشی سەرسوڕمان دەبوون، ئەوەشیان نە لەبەر ئەوە بوو گوایە لەو لایەنە لە خەڵکی دیکەمان تێپەڕاندبێ، بەڵکو لەبەر کاریگەری و پەیوەندیمان بووە بەم کۆڵەگانەی رۆشنبیریمانەوە کە چۆن ئاوەها شوێنی خۆمان لە دڵیان کردۆتەوە، ئەوەتا چەندین جار بیستوومانەتەوە، کە گوتراوە ئەو عەبدوڵڵا زەنگەنەیە، کەس نەیدەناسی، ئەوە لە کوێ وەکو کوارگ هەڵیدا و شوێنی خۆی لە دڵی پەیوەندیداران کردەوە، بەم دواییەش، چەندین جار ئەو پرسیارە رووبەڕووی خۆشمان کراوەتەوە، دواتر چۆن توانیومانە ئاوەها بە ئاسانی ئەو دوو زاتە بگەیەنینەوە یەک.

بۆ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەڵێین لای ئێمە ئەگەر مرۆ خۆپەرست نەبێ و لە هەموو بار و زرووفێکیشدا نییەتی خۆی ساف بکات، ئەوا هەموو کارێکی لا ئاسان دەبێ و دەستەواژەی (مەحاڵ)لە لای ئەو بوونی نابێ، ئەوەی راستیش بێت، بیرۆکەی ئاشتکردنەوەی ئەو دوو زاتە، بە یەک دوو مانگ دوای یادەوەریی سەد ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی لای ئێمە چەکەرەی کردبوو، بە تایبەتیش کە پێش ئەو یادە پیرۆزە ئێمە ئەو دو لایەمان هەر نەدەناسی. لە رۆژانی ئەو ساڵیادە لەگەڵ مەحموود زامدار بە یەکەوە پیشانگایەکی فراوانی رۆژنامەنووسیمان لە هۆڵی میدیای هەولێر کردبۆوە، وا دیاربوو لە کاتی کردنەوەی پیشانگاکە دەبوایە د.مارف خەزنەدار ئامادە بێت، بەڵام ئەگەر چی ئەو بانگهێشتیش کرابوو، بەڵام نەهاتبووە پیشانگاکە،ئەوە بوو دواتر لەسەر داوای زامدار سەردانی پیشانگاکەی کرد، ئێمەش کاتێ لە ناو پیشانگاکە لەگەڵی دەسووڕاینەوە، دواجار پێیمان گوت: مامۆستا لەو ڕۆژەوەی خۆمان بۆ ئەو بۆنەیە ئامادە دەکەین زامدار بەردەوام پێمان دەڵێ: ئەوە هەموو گێچەڵی دوکتۆر مارفە لە ئەستۆی ئێمە ئاڵاوە، ئەگەر ئەو، ئەو رۆژنامەی (کوردستان)ەی بۆ نەدۆزیبایەنەوە، ئێمە چیمان دابوو لەو شەڕە شەقە، ئەویش پێکەنی و زۆر بە بێ فیزییەوە گوتی: خۆ ئەگەر منیش نەبام، یەکێکی دیکە هەر دەبوو ئەو رۆژە دیاری بکا، ئەوە بوو دوای بینینی پیشانگاکە و دەستخۆشی زۆر بە رێزەوە بەرێ کرا.

چەند رۆژێکی دیکەی پێچوو بۆ یەکەم جار، چووین لە ماڵەوە سەردانیمان کرد، ئەوە بوو هەر ئەو دەمی بۆ کارەکانمان داوای چەند سەرچاوەیەکمان لێی کرد، دیار بوو بەبێ سێ و دوو چووە کتێبخانەکەی و هەموویانی بۆ دابین کردین، دوای چەند رۆژێک کە ئەمانەتەکانمان بۆی بردەوە، کۆمەڵێک پرسیاری دیکەمان لەسەر چۆنیەتی دۆزینەوەی رۆژنامەی کوردستان لێی کرد و پێیمانگوت هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن گوایە خەڵکی دیکەش هەن باس لە چۆنیەتی دۆزینەوەی رۆژنامەکە دەکەن، دیسان بە بێ دوودڵی هیچ لە پرسیارەکانمان، تەنانەت ئەوانەشیان کە بە دڵی نەبوون، نیگەران نەدەبوو، وەڵامی هەمووشیانی زۆر بە رێکوپێکی دەدایەوە، دیارە ئەوسا وەڵامەکانی لەسەر رۆژنامەکە لای ئێمە هەندێک گومانی دیکەی پەیدا کرد.

بۆیە دوای چەند رۆژێک ناوونیشانی ماڵی دوکتۆر کەمال مەزهەرمان لە برادەرێک وەرگرت و یەکسەر روومان لە بەغدا کرد، هەر چۆنێک بوو ماڵی دوکتۆر کەمال مەزهەرمان لە (حی الکفاءات)ی ئەو شارە دۆزییەوە، دوای چاک و چۆنی و لە نزیکەوە یەکتر ناسین، بەدەم چا و کولیچە خواردنەوە پرسیارەکانمان لە بارەی رۆژنامەکە رووبەڕووی ئەویش کردەوە، وا دیاربوو ئەویش وەڵامێکی زۆر ماقووڵ و پڕ بە پێستی دایەوە، وەڵامەکانمان دەقاودەق وەکو خۆی لەسەر پەڕە کاغەزێک نووسییەوە. کاتێ هاتینەوە هەولێر نەوێراین راستەخۆ سەر لە دوکتۆر مارف بدەینەوە، بەڵکو ئەم جارە بە تەلەفۆن هەموو وەڵامەکەی د.کەمالمان بۆ خوێندەوە. دیار بوو ئەو هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی لەسەر وەڵامەکان نەبوو یەکسەر گوتی: ئێ وایە....

ئەو سەردان و یەکتری ناسینە دوو بارە و سێ بارە بەلکو دە بارەش کرانەوە و تا وای لێ هات ئەگەر ماوەیەکی پێچووبایە و سەردانیمان نەکردبایە خۆی تەلەفۆنی بۆ دەکردین و پێی دەگوتین: دیارنین؟، هەر جارەش کە دەچووینە لای کۆمەڵێک بابەتمان لای دەوروژاندن، نایشارینەوە جاروبار لەسەر هەندێ بابەت نوقورچەیەکیشمان لێی دەدا، بە نموونە ئەو زۆر جار بە نەرێنی نەک هەر باسی سەندیکای رۆژنامەنووسان، بەڵکو باسی گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) و دواتر (رۆژنامەنووس)یشی دەکرد وەکو دەزانن ئێمە سەرنووسەری گۆڤارەکەین، کەچی پڕ بە دڵ گوێمان لە تێبینییەکانی دەگرت و بە رووی دا دەگرژینەوە، ئەوەبوو رۆژێکیان زۆر بە راشکاوی پێمان گوت: مامۆستا هەر جارەی ئێمە دێینە لات، جەنابت زۆر باسی سەندیکا و گۆڤارەکە و نەقیب دەکەی، ئایا جەنابت دەزانی ئێمە ئەو قسانەی جەنابت دەگەینینەوە شوێنی خۆی! پێمان سەیرە کاک فەرهاد زۆر بەڕێزەوە باسی جەنابت دەکات و سەلامت لێ دەکات، کە وام پێی گوت هەڵوەستەیەکی کرد و جارێکی دیکەش گلەیی و گازندەی خۆی کرد، هەر ئەوسا هەستمان کرد ئەو پیاوە چەندە لە بوارە رۆشنبیرییەکە دڵشکاوە هۆی ئەو دڵڕەنجادنەشمان لە سەندیکا و نەقیب زانی چی بووە، جاری دواتر کە چووینەوە لای، پێیمان گوت: ئەگەر لاریت نەبێت لەگەڵ نەقیبی رۆژنامەنووسان و هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن، دەیانەوێ سەردانی بکەن، دیار بوو ئەو لەگەڵ ئەو قسەمان رووی گەش بووەوە، بەداخەوە چ لەبەر سەرقاڵی خۆم و چ لەبەر کۆبوونەوە زۆرەکانی نەقیب و سەفەرەکانی نەکراوە ئەو سەردانەی بکەین..

ئەوە بوو دواتر چاپکردنی کتێبەکەی دوکتور کەمال مەزهەری بەسەردا هات، وەکو لە ((دوا گوتە))کەیدا نووسیومانە داوامان لە دوکتور مارف کرد چەند وشەیەکمان بۆ بنووسێ تا بیخەیتە سەر بەرگی دواوەی کتێبەکە، بەڵام ئەو مەرجی ئەوەی بۆ داناین کە دەستنووسی کتێبەکەی بۆ ببەین، ئێمەش بێ دڵیمان نەکرد، دانەیەکی کتێبەکەمان بە چاپکراوی بۆی برد. دوای چەند رۆژێک خۆی تەلەفۆنی بۆ کردینەوە تا بچینە خزمەتی و کتێبەکە وەربگرینەوە، کە کتێب وەرگیرایەوە، دەرکەوت هیچی بۆ نەنووسیبووین، بەڵام دیار بوو نەک هەر زۆر بە وردی کتێبەکەی خوێندبۆوە، بەڵکو چەند تێبینییەکیشی پێ گوتین، لای ئێمە سەدا سەد لەگەڵی بووین و دواتر سوودمان لێیان وەرگرت.

هەر ئەو دەمای زۆر بە خشکەیی کتێبەکمان لێی وەرگرتەوە و چووینەوە ماڵ یەکسەر دەستمان دایە قەڵەم و ئەو رووداوە و هەست و شعوری خۆمان هەمووی هێنایە سەر کاغەز و کردمانە (دوا گوتە) بۆ کتێبەکە. ئەوەندەی نەبرد کتێب لە لوبنان چاپ کرا، بەڵام وا دیار بوو ماوەیەکی زۆری دەویست تا هەمووی بگاتەوە کوردستان، بۆیە (ابو غازی) هاوسەفەرمان، کە عەرەبێکی خەڵکی بەغدایە و بە تایبەتی بۆ چاپکردنی کتێبەکە لەگەڵمان هاتبووە بەیرووت، دوای تەواوبوونی چاپی کتێبەکە، دوو دانەی لەگەڵ خۆی بۆ هێنابووینەوە، ئەوە بوو بۆ رۆژی دواتر، روومان لە بەغدا کرد و دانەیەکمان لە کتێبەکە بۆ د.کەمال برد و داوامان لێی کرد، بە وردی بیخوێنێتەوە، هەڵەبژێری تێدا بکات و کتێبەکەمان بۆ بنێرێتەوە چونکە ئێمە دڵنیاین چاپێکی دیکەی کتێبەکە دەکەینەوە، لە راستیشدا مەبەستمان بوو ئەو (دواگوتە)یە و پەراوێزەکانمان بخوێنێتەوە کە پێشتر نەیدیبوون، وا دیار بوو ئەویش نەک هەر هەموو سەرنج و تێبینییەکانی ئێمەی خوێندبۆوە بەڵکو هیچ گلەییەکیشی نەدەبوو ئەگەر چەند دێرێکی نووسینی د.مارف بخرابا سەر بەرگی کتێبەکە، ئەوە بووە هاندان بۆ ئێمە تا ئەو بینەوبەرە درێژە پێ بدەین ئەوەندەی نەبرد تا دوکتور کەمال بە خۆی و هاوسەری بە سەردان هاتنە کوردستان، سەرەتا ماوەیەک لە سلێمانی مانەوە، دواتر هاتنە هەولێر و بوونە میوانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، شوێنی حەوانەوەیان لە ئوتێل ئاڤێستا بۆ دیار کرا، ئەوسا نەک هەر رۆژانە دەبووایە لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە خزمەتییان بین، بەڵکو هەر ئێمەش چاوپێکەوتن و دیدارەکانمان بۆی دیار دەکرد، دیارە پێشتر لە بەغدا بۆرە گفتێکم لێیان وەرگرتبوو، کاتێ دێنە هەولێر دەبێ سەردانی بکەین، ئەوە بوو رۆژێکمان بۆ دیار کرد تا لە ماڵەوە سەردانی دوکتور مارف بکەین. لێتانی ناشارینەوە تا ئەو ساتەی لە دەرگای ماڵی دوکتور مارف نەچووینە ژوورەوە، ئێمە بە هیچ شێوەیەک بیرمان لە گرتنی هیچ وێنەیەک بۆ یادگاری نەکردبۆوە، کە چوینە ناو حەوشە خوالێخۆشبوو لەگەڵ (دایکی میدیا) زۆر بە گەرمەوە پێشوازییان لێ کردین، ئەوسا بوو یەکسەر هەموو ئەو نیگەرانییەمان رەویەوە، کە دوو سێ رۆژ بوو مامۆستایەکی بەڕێز، وای خستبووە مێشکی شەهلا خان ئەگەر سەردانی بکەین لەوانەیە دەریان بکات، هەر ئەوەش بوو وای لەو خانمە کردبوو بە هیچ شێوەیەک رازی نەبێت لەگەڵمان بێت بۆ ماڵی دوکتور، دوای رەوینەوەی ئەو هەستە نەرێنییە، یەکسەر بیرمان کەوتەوە بۆ چەند وێنەیەک بۆ یادگاری نەگرین، زۆر بە خشکەیی شرە کامیرەکەمان دەرهێنا و یەک لە دوای یەک ئەو وێنانەمان گرت، کەوا لێرەدا دەیخەینە بەردەست ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست.

دیارە ئەو هەستە نەرێنییەش بووە، بۆتە هۆی ئەوەی کە پلانی دواترمان بۆ ئەم جۆرە کارانەمان دوا بکەوێ. ئەگینا لە بەرنامەی خۆمان دانابوو خەڵکی دیکەش ئاوەها پێکبینینەوە، بە نموونە دەتوانین بڵێین خوالێخۆشبوومان والێکردبوو کە بەرامبەر د.عیزەددنیش نەرم بێ و لەوانەیە ئەگەر وا نەبووایە ئێستا کۆمەڵێک وێنەی ئەوانیشمان لەبەردەست دەبوو.

ئەوەی لێرەدا مەراممانە و پێتان دەڵێین بە دووربینی چاوەکانتان لەو وێنانە وردبنەوە، ئایا هیچ رق و بوغز و کینەیەک لەم وێنانە بەدی دەکەن، یان ئەوە دووبەرەکی و خۆخۆری و (دەردە کورد)ی دەیان بەڵکو سەدان ساڵەی نێو خۆمانە وای لێ کردووین، نەک لە نێو تاکەکانمان بەڵکو لە نێو سەرانی میللەتەکەشمان لە ختوخۆڕایی هەر یەکەمان بۆ لایەکی رادەکێشین، ئەوە خەڵکی ئێمەن هەر دەڵێی دووبەرەکی سەردەمی ئەمارەتی بابانەکان و براکوژی ئەوسامان بە باڵادا بڕاوە، ئەوەتا دواتر لە هەر دوو رۆژەکەی پرسەی دوکتور مارف ئاگامان لێبوو دانیشتنی دوکتور کەمال مەزهەر لە پرسەکەدا لە هەموو دیمەنەکانی دیکەدا ناوازەتر بوو، دوو رۆژیش دواتر کاتییئەو، لە دەستپێکی کۆڕێکی خۆیدا لە کۆمەڵەی رۆشنبیریی مێژوویی کوردستان، جارێکی دیکە یادی خوالێخۆشبووی کردەوە و سڵاوی بۆ گیانی پاکی نارد، ئەوەندەی دیکە خۆی لای خۆشەویستانی شیرینتر کرد.

وا دیارە دوکتور مارفیش هی ئەوە بوو لە ژیاندا زۆری بۆ بکرێ، ئای ئەگەر وەکو ئێمە دەتانزانی ئەو پیاوە چەندە بە ویقار بوو، ئەوە جگە لەوەی هەموو ئەو جارانە کە سەردانیمان دەکرد، جا سبەینە با، یا ئێوارە، رۆژێ لە رۆژان نەمانبینیوە دەرگای ماڵەکەی داخرابێ، ئەو رۆژەشی کە کۆچی دوایی تیا کرد، ئێوارەکەی لەگەڵ مامۆستا جەمال خەزنەداری برای لە سەندیکا بووین، تاوتوێی کتێبی (ئینسکلۆپیدیای رۆژنامەنووسیی کوردی))مان دەکرد، کە هەر لەسەر راسپاردەی ئەو پێداچوونەوە و رێکخستن و تەنانەت لایەنی زمانەوانیشی بە ئێمە سپێردرایەوە، پاشان بە دوای رۆژنامەنووس سەعید عەبدوڵڵاماندا نارد، تا بێتە لامان و پرسی تایپی کتێبەکەی لەگەڵ بکەین، ئەو دیارییانەشی بدەینێ، کە مامۆستا جەمال، لە ئەڵمانیاوە بۆی هێنابوو، ئا لەو ساتەدا لە لایەن یەک لە خزمانی خوالێخۆشبووەوە تەلەفۆن کرا، کەوا بە پەلە دوکتور مارف گەیەنراوەتە خەستەخانە، لە رێگە سەعید بە ئێمەی گوت دەکرێ چەند وێنەیەکی دوکتور بگرین، دیارە بە نەرێنی وەڵامی درایەوە، بەڵام کە گەیشتینە بەردەم خەستەخانە پێمان گوت: کامیراکەت لەشانت بکە، کە چووینە ژوورەوە هەر زوو زانیمان کار لەکار ترازاوە، دواتر مامۆستا جەمال داوای لێ کردین کە ئێمە بە دوای ئیشی خۆماندا بچین، ئا لەو ساتەوەختەدا بوو داوامان لە کاکە بنیاد کرد کە چەند وێنەیەکی خۆی و خزمانی لەگەڵ خوالێخۆشبوودا بۆ بگرین، بڕوا بکەن کە لەو کاتەدا و دواتریش ئێمە بە هیچ شێوەیەک گریانمان نەهات بوو.. بەڵام ماوەیەک دواتر، کە ئەم وێنانەمان بینییەوە، هۆن هۆن بۆی گریاوین و فرمێسکمان لە چاوەکاندا رانەدەوەستا، تەنانەت (رەحیمە مەلازادە)ی هاوسەریشم بووە هاوبەشم، دیارە ئەو هەڵوێست و سۆزەشمان لەبەر ئەوە نەبووە، کە خوالێخۆشبوو کۆچی دوایی کردووە، بەڵکو ئێرەییمان پێی دەبرد، کە ئەو پیاوە دوای ئەوەندە خەباتی درێژخایەنی دیسان ئاوەها بەو ویقارەوە و پاکژ و خاوێنییەوە دەبینین کۆچی دوایی کردووە چۆتە شوێنی هەق. خۆزگەمان بە خۆی!

(*) ئەم بابەتە بەشێکە لەو وتارەی بۆ گۆڤاری (رۆژنامەنووس) نووسراوە و لە ژمارە (٢٢)یدا لەگەڵ هەموو وێنەکان بڵاو دەکرێتەوە.

# دوا وێنەی پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار، ئەو پیاوەی بە گەورەیی لەدایکبوو، بە گەورەییش ماڵئاوایی لێکردین



ئەم وێنەیە لە ئەرشیفی گۆڤاری (K٢١) ژمارە (٩) وەرگیراوە

www.arshivakurd.org

بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا: کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، سەرباز سیامەند.
- نەخشەساز: یەعقوب یوسف ئەبوبەکر
- بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری رووناکبیریی: د. ئازاد حەمە شەریف
- راوێژکاری کەلتووری: د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی
- راوێژکاری مێژوو: د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
- راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
- راوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +